روانگە

# لقی هەولێری سەندیکای پارێزەران شکاندنی بەستەڵەك و هێنانە دی پەرجۆ*

پارێزەر/ ئەردەڵان ئەحمەد رەشید



هەڵبەتە(پەرجۆ) لە هەموو بوارێکدا شایستەی بوون و رووداوە وەلێ ئەوەی زیاتر زانراو و بیستراوە (پەرجۆ) ئاینییەکانە کە لە سەردەمە جۆراو جۆرەکاندا لەسەر دەستی پێغەمبەران(د.خ) هاتونەتە دی. بەڵام دیارە (پەرجۆ) لە بوارەکانی دیکەی ژیاندا شایستەی بوون و رووداوە، بەڵام با بپرسین و بزانین(پەرجۆ) چییە؟ لە وەڵامدا دەڵێین بەدەر لەو پەرجۆیانە)ی کە خوداین و ویستی خودایان لە پشتە (پەرجۆ) کانی ئەگەری رووداندیان تێیدا یان ئەستەمە یان نیمچە ئەستەمە. بەڵێ ئەوەی ئەم شیر و خورشیدەی بۆ باس دەکەم و بە لامەوە زۆر سەیرە ئەو رووداوەیە کە ماوەیەك لەمەوبەر روویدا و پەیوەست بوو بە هاوپیشەکانم.

هەڵبەتە هەر لە سەرەتای دەستبەکار بوونی برادەرانی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەران، هەست بە جموجۆڵ و گۆڕانکاری لە بواری کارکردندا دەکرێت. کە دەستی پێکرد بە دانانی بەرنامەی کار بۆ خۆیان و جێبەجێکردنیش زووبەزوو هاتە کایەوە بە نۆژەنکردنەوەی ژووری هەولێری پارێزەران لەسەر شێوازێکی نوێ و گونجاو بۆ هەڵسوڕاندنی کاروباری پارێزەران و دواتریش ئەنجامدانی چەند کۆڕ و سیمینارێك لەسەر بابەتی جۆراو جۆر و دانانی خشتەیەك بۆ بینینی داواکانی(انتداب) و پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ دابەشکردنی(داوا حکومییەکان). وەلێ لە هەموو کارەکان گرینگتر و جێی بایەختر، هێنانە دی داوایەکی زۆر رەوا و سادەی پارێزەران بوو کە تا سەرەتای ساڵی(٢٠٠٨) هەر خەیاڵ بوو هاتنە کایەوەی وەك(پەرجۆ) وابوو، هەر بۆیە ئەم دۆسیەیە بە داخراوی و بە ئامەنەتەوە هەر ستافێك کە ئەرکەکەی تەواو دەبوو بە تەسلیمی ستافی دوای خۆی دەکرد. بەڵام ئەم دۆسیە داخراوە، کرایەوە و چارەسەر کرا و وەك بڵێی(پەرجۆ) هاتە دی لەسەر دەستی ستافێکی لاوی خوێنگەرم کە ئەم جارەیان ئەرکی سەرو کارکردنی لقی هەولێری سەندیکای پارێزەرانی کوردستان پێسپێردرا بوو. دیارە ئەم سەرەتا پڕ هیممەتەی ستافی نوێی نوقڵانەی کار و چالاکی و خزمەت کردنی گەورەتر دەدات بە پارێزەران. هەڵبەتە ئەو (پەرجۆ)یەش کە هاتە دی بریتی بوو لە کردنەوەی( پارکی راوەستانی ئۆتومۆبێل) تایبەت بە پارێزەران لە نزیك دادگای هەولێر و رزگار کردنی پارێزەران لە راگرتنی ئوتومۆبێلەکانیان لە کوچە و کۆڵان و شەقامەکانی دەوروبەری دادگای هەولێر و سوککردنی باری سەرشانی پۆلیسی هاتووچۆ کە تاکە ساتێك رانەدەوەستان لە نوسینی(سزا) بۆ ئۆتۆمبیلەکانی پارێزەران.

**پەرجۆ : موعجیزە**


rawezhgovar@yahoo.com